**بۆ ڕوونکردنەوەی لیستە ئاڵۆزەکان:**

نموونە: سـێ بژاردەی هەبوو: گەشـتێک بۆ نیویۆرک، نیویۆرک؛ گەشـتێکی دەریایی بۆ باهاماس؛ یان هەفتەیەک لە پاریس، فەرەنسا.

**بۆ نیشاندانی گواستنەوە لەنێوان بڕگەکانی دەقێک:**

نموونە: زۆر کەس حەز لە سـەفەرکردن دەکەن؛ دەرفەتیان پێ دەدات کە کولتوورە نوێیەکان بدۆزنەوە.

گرنگە بەوردی لە مەبەسـت و ئامانجی خاڵبۆر تێ بگەیت پاشـان بەکاری بهێنیت. خاڵبۆر یارمەتیدەرە بۆ ڕێگریکردن لە سـەرلێشـێواوی، هەروەها پێکهاتەیەکی ڕوون لە نووسینەکەتدا دروست دەکات.

## ٥. نیشانەی پرس یا نیشانەی پرسیار (؟)

نیشـانەی پرسـیار بۆ نیشـاندانی کۆتاییی پرسـیارێک بە شـێوەی نووسـراو بەکار دێت. لێرەدا چەند یاسایەکی بنەڕەتی بۆ بەکارهێنانی نیشانەی پرسیار دەخەینە ڕوو:

**پرسیاری ڕاستەوخۆ:**

لە کۆتاییی پرسیارێکی ڕاستەوخۆدا نیشانەی پرسیار بەکار دەهێنرێت.

نموونە: "چۆنیت؟" یان "بابەتی دڵخوازت چییە؟"

**پرسیارە ڕیتۆریکییەکان:**

هەرچەندە ئەم پرسـیارانە چاوەڕوانی وەڵامی ڕاسـتەوخۆ ناکەن، بەڵام بۆ ئەوەی نیشـان بدرێت کە پرسیارە، هێشتا نیشانەی پرسیار بەکار دەهێنرێت.

نموونە: "کێ بۆی گرنگە؟" یان "ئایا پێویستە ڕێگە بدەین ئەمە بەردەوام بێت؟"

**پرسیاری ناڕاستەوخۆ:**

کاتێک پرسـیارێک بەشـێک بێت لە ڕسـتەیەکی تر، هیچ نیشـانەیەکی پرسـیار بەکار ناهێنرێت.

نموونە: ئەو پرسیاری ئەوەی دەکرد کە کاتژمێر چەندە.

**لێدوانی سەرسوڕهێنەر:**

هەندێک جار نیشـــانەی پرســـیار بۆ دەربڕینی ســـەرســـوڕمان یان نادڵنیایی بەکار دەهێنرێت.

نموونە: "بەڕاستی تۆ لەسەر خۆت ئەوەت کردووە؟"

**لیستی پرسیار:**

ئەگەر چەند پرســیارێک بخەیتە لیســتی پرســیارەوە، زۆر جار دوای هەر پرســیارێک نیشانەی پرسیار بەکار دەهێنرێت.

نموونە: "کێ؟ چی؟ کەی؟ لە کوێ؟ بۆچی؟"

بەکارهێنانی نیشـانەی پرسـیار بە شـێوەیەکی دروسـت یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی بەڕوونی پەیوەندی بکرێت کە پرســیارە و ئاســانکاری دەکات بۆ خوێنەر بۆ تێگەیشــتن لە مانای دەقەکە.

## ٦. نیشانەی سەرسوڕمان (!)

نیشـانەی سـەرسـوڕمان بۆ دەربڕینی هەسـتی بەهێز، سـەرسـوڕمان، تووڕەیی یان بۆ پشتڕاستکردنەوەی لێدوانێک بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە:

**دەربڕینی خۆشی یان حەماسەت:**

نموونە: چ ڕۆژێکی جوانە!

ئۆخەی! ئاڵای کورد هەڵکرا.

**دەستنیشانکردنی سەرسوڕمان یان شۆک:**

نموونە: خەڵاتەکەی بردەوە!

ئای لەو مانگە! چ جوانە!

**دەربڕینی تووڕەیی یان بێزاری:**

نموونە: بۆ وات کرد!

**ڕوونکردنەوە:**

ئەم بەرهەمە ساڵانێکە بە شێوەی سەرهێڵ، لەسەر سایتی diyako.yageyziman.com دانراوە. یەکەم جار لە "٢٠٠٣/٠٩/٠٦" لەسەر سایتی زانستپەروەرانی کورد بڵاو کرایەوە، پاشان لەسەر سایتی یاگەی زمانی کوردی، بە نوێکردنەوەوە، بڵاو کرایەوە. سەرچاوەیەکی باش بووە بۆ هەموو ئەوانەی بەدوای ڕێنووسێکی یەکگرتوودا گەڕاون. سەرچاوەیەک بۆ وانەوتنەوەی ڕێنووس لە بەرنامەی فێرگەی زمانی کوردی کە لە ڕێگای سەتەلایتەوە بڵاو دەکرایەوە، میلیۆنان کەس، لە هەموو شوێنێکی دنیا کە بینەری ئەو بەرنامەیە بوون، ئەو ڕێنووسەیان بەوردی فێر دەکرا و بەکاریان دەهێنا. لە فێرگە جۆربەجۆرەکانی تێلێگرام وانەی وتراوەتەوە. گەلێک سایت و کەسایتیی خاوەنڕا ئەم ڕینووسە ڕەچاو دەکەن و زۆر پەسنی باشی ئەم ڕێنووسەیان کردووە.
گرووپی ئایتییە کوردییەکان، بەکارهێنانی ئەم ڕێنووسەیان ڕاسپاردووە. دواتریش ئەکادیمیای کوردی لەبەر گرنگیی ناوەڕۆکەکەی خۆیان لەچاپیان دا.

وەشانی یەکەمی ئەمە بەرهەمە لە ”٢٠٢١/٠٩/٢٥” بە شێوەی نامیلکەیەک هاوکات لە هەندەران، باشوور و ڕۆژهەڵات چاپ و بڵاو کرایەوە. زۆر زوو چاپەکانی تەواو بوون.

***

وەشانی دووەم، بە زیادکردنی کۆمەڵێک بابەت و خاڵی نوێتر لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە لە هەولێر چاپ کرا.
وشانی سێیەم، بەشی ڕێنووسەکە بە کۆمەڵێک خاڵی گرنگ نوێ کرایەوە.

**وەشانی یەکەم:** ٢٠٢١/٠٩/٢٥، چاپخانەی کتێب ٤٩
**وەشانی دووەم:** ٢٠٢٤/٠٢/٢١، ئەکادیمیای کوردی
**وەشانی سێیەم:** ٢٠٢٤/٠٨/١٦، سەرهێڵ

❊❊❊

diyako.yageyziman.com